# هۆکارەکانی سەرهەڵدانی بیدعە لە ژیانی موسڵمان

[ kurdish – کوردی – كردي ]

ئیحسان بورهان الدین

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# ﴿ ظهور البدع في حياة المسلمين ﴾

## والأسباب التي أدت إليها

« باللغة الكردية »

إحسان برهان الدين

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1433

IslamHouse.com

## هۆکارەکانی سەرهەڵدانی بیدعە لە ژیانی موسڵمان

**١-کاتی سەرهەڵدانی بیدعە:**

(ابن تیمیە) رحمەتی خوای لێبێت لە (مجموع الفتاوی ٣٥٤/١٠) دەفەرموێت:

ئەوە بزانە زۆربەی بیدعەکان کە پەیوەستن بە زانست و عیبادەتەکانەوە لە کۆتایی سەردەمی خەلیفەکانی راشیدین دا سەریان هەڵدا، وەکو پێغەمبەر صلی اللّٰه علیه وسلم فەرموویەتی: (من یعیش منکم بعدي فسیری اختلافاً کثیراً، فعلیکم بسنتي و سنة الخلفاء الراشدین من بعدي) واتە: هەرکێ لە ئێوە لە پاش من بژی، ناکۆکییەکی زۆر دەبێنی، بۆیە لە سەرتانە سوننەتی من و خلیفە راشدینە رێنماییکراوەکان پەیرەوی بکەن.

یەکەمین بیدعەش سەری هەڵدا بیدعەی قەدەر و ئیرجاء و بە شیعە بوون و خوارێجەکان بوو، کاتێکیش لە پاش کوژرانی عوسمان بەش بەشبوون دروست بوو، بیدعەی (الحروریە) سەری هەڵدا ، ئینجا لە کۆتایی سەردەمی هاوەڵانیش، یان لە کۆتایی سەردەمی (ابن عمر) و (ابن عباس) و (جابر) و ئەو هاوەڵێنە رەزای خوایان لێ بێت، مورجیئە کانیش هەر لەو سەردەمە سەریان هەڵدا ، بەڵام سەرهەڵدانی جەهمیەکان لە کۆتایی سەردەمی تابعییەکان بوو لە پاش مردنی عومەری کوری عەبدولعەزیز رحمەتی خوای لێبێت کە باسی ئەوانی کردبوو، دەرکەوتنی جەهمیش لە خوراسان بوو لە سەردەمی خیلافەتی هیشامی کوڕی عەبدولمەلیك.

ئەم بیدعەتانە لە سەدەی دوومداسەریان هەڵدا لە کاتێکدا هاوەلێن لە ژیان مابوون و نکۆڵیشیان لە سەر کاری ئەو کەسانە پیشاندا، دواتر بیدعەی ئیعتزال سەریهەڵدا و ئاژاوەی نێوان موسڵمانان

دەستی پێکرد، هەروەها جیاوازی بیرورا وحەز لە بیدعە و ئارەزوو پەیدا بوو ، دواتر بیدعەی تەیووف و بونیات دروستکردن لە سەر گۆڕەکان بە دیکرا، بەم شێوەش تاکو دەهات بیدعە زیادی دەکرد و جۆرەکانی پتر دەبوون.

## ٢-شوێنی سەرهەڵدانی بیدعەکان:

ناوچەکان جیاوازیان تێدا بوو لە ڕووی درووستبوونی بیدعە تێیاندا ، شەیخولئیسلام (ابن تیمیە) دەفەرموێت: (ئەو ناوچە گەورانەی کە هاوەڵانی پێغەمبەر صلی اللە علیە وسلم تێیاندا نیشتەجێ بوون بریتی بوون لە : مەککە و مەدینە ، عێراق و هەر لە وێیشەوە قورئان و فەرموودە و فیقهو عیبادەت و هەموو بابەتەکانی ئیسلام دەرچوون، هەر لە هەمان ئەم شوێنانەشەوە – جگە لە مەدینە- بیدعە بنچینەییەکان سەریان هەڵدا، شیعە و مورجیئە لە کووفەو دواتر لە شوێنەکانی تر بڵاوبوونەوە، لە بەسرەش قەدەر و ئیعتزال و عیبادەتی بێ بنەما پەیدا بوو ،دواتر لە شوێنەکانی تر، شام یش (نواصب) و قەدەرییەکان سەریان هەڵدا، بەڵام بیرۆکەی (تجهم) لە دەڤەری خوراسان پەیدا بوو.

سەرهەڵدانی بیدعەکان بە پێی دووریان بوو لە ماڵی پێغەمبەرایەتی، لە پاش کوژرانی عوسمان ڕەزای خوای لێبێت بیدعەی (الحروریە) سەریهەڵدا، بەلێم مەدینەی پیرۆز هەر بە سەلامەتی مایەوە لە دروستبوونی بیدعە تێیدا ، ئەگەرچی کەسانێکی تێدا بوون بیدعەیان لە ناخی خۆیاندا دەشاردەوە، بەڵام ئەو جۆرە کەسانە لاواز وسەرکز بوون وەکو هەندێك لە قەدرەییەکان و کەسانی تر، ئەمەش بە پێچەوانەوەی شیعەگەری و بیرۆکەی ئیرجاء بوو لە کوفە، یان ئیعتیزال و خواپەرستە گۆشەگیرەکان لە بەسرە، یان (نواصب)ە کان لە شام چونکە ئەوانە دیار و ئاشکرا بوون، لە فەرموودەی صەحیحیشدا هاتووە کە دەجال ناتوانێت

بچێته مەدینەوە، عیلم و ئیمانیش هەر دیار و ئاشکرا بوو لەوەێ تاکو سەردەمی مالیك...

سەبارەت بە سێ سەردەمە چاکەکان بە هیچ شێوەیەك بیدعە لە شاری مەدینە دەرنەکەوت، لە هیچ بنچێنەیەکی ئاییندا شتی داهێنراو بەدینە کرا وە کو ئەوەی لە ناوچەکانی تر روویاندا.

### ٣-هۆکارەکانی سەرهەڵدانی بیدعە:

بێگومان پابەندبوون بە قورئان و سوننەت مایەی رزگار بوونە لە کەوتنە نێو داوی بیدعە و گومڕایی، خوای گەورە دەفەرموێت: {وَأَنَّ هَذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَنْ سَبِيلِهِ ذَلِكُمْ وَصَّاكُمْ بِهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ} الأنعام ١٥٣، ئەم ئایەتەش لە لایەن پێغەمبەرەوە صلی الله علیه وسلم روونکراوەتەوە ، وەکو لە فەرموودەی (ابن مسعود) دا هاتووە کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم هێڵێکی بۆ کێشاین و فەرمووی : (هذا سبیل الله) واتە: ئەمە رێگای خوایە، ئینجا چەند هێڵێکی تری بە راست و چەپی ئەو هێڵە راکێشا و فەرمووی: (وهذه سبل، علی کل سبیل شیطان یدعو إلیه) واتە :ئەوانەش رێچکەکانن لە سەر هەموو رێچکەیەك شەیتانیك بانگەواز دەکات و خەڵکی بۆ بانگ دەکات ئینجا ئەو ئایەتەی خوێندەوە {وَأَنَّ هَذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَنْ سَبِيلِهِ ذَلِكُمْ وَصَّاكُمْ بِهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ} الأنعام ١٥٣، هەرکێ لە قورئان و سوننەت روو وەرگێڕێت، دوو چاری گومڕاکەرەکان دەبێت.

ئەمەش پوختەیەکە لە هۆکاری سەرهەڵدانی بیدعەکان:

١-نەشارەزایی لە حوکمەکانی ئایین:

لەگەڵ تێپەڕبوونی رۆژگار و دوورکەوتنەوەی خەڵکی لە پەیامی ئیسلام، زانست کەم دەبێتەوە و نەفامی بلێودەبێتەوە، وەکو پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرموویەت ی(إن الله لا یفیض العلم انتزاعاً ینزعه من العباد و لکن یفیض العلم بقبض العلماء حتی إذا لم یبقی عالماً اتخذ الناس رؤساء جهالاً فسئلوا فأفتوا بغیر علم فضلوا و أضلوا) رواه ابو داود .

واتە : خوای گەورە زانست بە وەرگرتنەوە وەرناگرێتەوە لە بەندەکان، بەڵکو بە مردنی زاناکان وەریدەگرێتەوە، تاکو دەگاتە ئەوەی یەك زانا نامێتێتەوە، خەڵکی سەرانی نەفام بۆ خۆیان دەستنیشان دەکەن، پرسیاریان لێ دەکرێت و ئەوانەیش بە بێ زانست فەتوا دەدەن، خۆیان گومڕا دەبن و خەڵکی گومرا دەکەن .

تەنها زانایان توانای روبەڕوبوونەوەی بیدعەیان هەیە، جا ئەگەر زانست و زانایان لە ناوبچن ، هەل بۆ بیدعە دەڕەخسێ کە بڵاوبێتەوە و، و هەڵگرانی چالاك ببنەوە.

ب- شوێنکەوتنی ئارەزوو:

ئەو کەسەی پشت لە کیتاب و سوننەت بکات شوێنی ئارەزووی خۆی دەکەوێت، خوای گەورە دەفەرموێت: {فَإِنْ لَمْ يَسْتَجِيبُوا لَكَ فَاعْلَمْ أَنَّمَا يَتَّبِعُونَ أَهْوَاءَهُمْ وَمَنْ أَضَلُّ مِمَّنِ اتَّبَعَ هَوَاهُ بِغَيْرِ هُدًى مِنَ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ} (القصص :٥٠) .

هەروەها فەرموویەتی: {أَفَرَأَيْتَ مَنِ اتَّخَذَ إِلَهَهُ هَوَاهُ وَأَضَلَّهُ اللَّهُ عَلَى عِلْمٍ وَخَتَمَ عَلَى سَمْعِهِ وَقَلْبِهِ وَجَعَلَ عَلَى بَصَرِهِ غِشَاوَةً فَمَنْ يَهْدِيهِ مِنْ بَعْدِ اللَّهِ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ} (الجاثية :٢٣) .

بیدعەکانیش درووستکراوی ئارەزووی پەیرەویکراون.

ج- دەمارگیری بۆ بیروڕای کەسێتی:

دەمارگیری بۆ بیروبۆچوونەکان، یان بۆ پیاوان ڕێگرن لە شوێنکەوتنی بەڵگەی شەرعی و دوزێنەوەی حەق، خوای گەورە فەرموویەتی:{ وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ اتَّبِعُوا مَا أَنْزَلَ اللَّهُ قَالُوا بَلْ نَتَّبِعُ مَا أَلْفَيْنَا عَلَيْهِ آبَاءَنَا أَوَلَوْ كَانَ آبَاؤُهُمْ لَا يَعْقِلُونَ شَيْئًا وَلَا يَهْتَدُونَ } البقرة ١٧٠.

حاڵی دەمارگیرەکانیش لەم ڕۆژگارە بەم شێوەیە، وەکو ئەوەی کە دەبێنری لە هەندی سۆفی و ئەوانەی بە دەوری گۆڕەکاندا دەخولێنەوە، کاتێك بۆ کیتاب و سوننەت بانگ بکرێن ئەوان بەڵگە لە ڕێرەوەکانی خۆیانەوە دەهێننەوە و، مامۆستاکان و باو و باپیرانیان بەڵگەوە هێننەوە.

د- خۆچواندن بە بێباوەڕان:

ئەمە یەکێکە لە بە هێزترین هۆکارەکانی بیدعە، وەکو لە فەرموودەی (أبي واقد الليثي)دا هاتووە، فەرموویەتی : لەگەڵ پێغەمبەر دا صلی الله علیه وسلم بۆ حونەین دەرچووین، ئێمە ئەو کاتە زۆر نەبوو لە بێباوەڕی ڕزگارمان بوو، جا ئەو دەمە بتپەرستەکان دارێکیان هەبوو لە پەنایدا دەمانەوە و شمشێرەکانیان بە قەدیدا هەڵدەواسی ، ئەو دارە (ذات الأنواط) ی پێ دەوترا ، ئێمەش بە

لای دارێکدا تێپەرین و، وتمان: (ذات الأنواط)  ێکمان بۆ دیاری بکەو ەکو ئەوەی بتپەرستەکان ،پێغەمبەر  صلی الله علیه وسلم فەرمووی:( الله أكبر، إنها السنن  !قلتم - والذي نفسي بيده - كما قالت بنو إسرائيل لموسى : { اجْعَل لَّنَا إِلَهًا كَمَا لَهُمْ آلِهَةٌ قَالَ إِنَّكُمْ قَوْمٌ تَجْهَلُونَ} (الأعراف/١٣٨) لتركبُنَّ سُنَنَ من قبلكم ) رواه الترمذي وصححه. ، واتە : گەورەیی بۆ خوا ئەوەی ئێوە باسی دەکەن رێچکە و رێبازی بتپەرستانە، سوێند بەو کەسەی گیانی منی بە دەستە ئەوەی وتتان  وەکو قسەی بەنی ئیسرائیل ە کاتێك بە موسایان وت: { اجْعَل لَّنَا إِلَهًا كَمَا لَهُمْ آلِهَةٌ قَالَ إِنَّكُمْ قَوْمٌ تَجْهَلُونَ} ئێوە ئەو رێچکانە دەگرنەوەبەر.

لەم فەرموودەیە دەردەکەوێت کە خۆچواندن بە بێباوەڕان  پاڵنەر بوو بۆ ئەوەی ئەوان ئەو داوا ناشیرینەیان بکەن ، کە داوای بتیان کرد بۆ ئەوەی ئەوانیش وەکو بێباوەران بیانپەرستن، هەر ئەوەش بوو وایکرد هاوەڵانی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم داوای دارێك بکەن بۆ پیرۆزی دەستنیشان بکرێت، لەم رۆژگارەی خۆیشماندا هەمان ئەو شتانە روویانداوە، موسڵمانان لاسایی بێباوەڕان دەکەنەوە لە کارە بیدعی و شیرکییەکانیاندا، وەکو جەژنی لە دایکبوونی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم و تەرخانکردنی چەندین رۆژ و هەفتە بۆ ئەو مەبەستە، هەروەها ئاهەنگ گێڕان بە بۆنە ئایینیەکان و دانانی پەیکەر بۆ زیندوو ڕاگرتنی هەندێ یاد و دانانی پرسە و تەعزێ و بیدعەکانی مردوو سپاردن و بونیات دروستکردن لە سەر گۆڕ و زۆر شتی تر.

سەرچاوەی بابەت: العقيدة الإسلامية و ما يضادها/صالح بن فوزان الفوزان.